# ئاگربەستی فشەڵ و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانی قەیرانی عێراق

04-09-2022

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** پێکدادانی خوێناوی کۆتایی ئاب لە ناوچەی سەوزی بەغدا لەنێوان سەدرییەکان و هەندێک لە گرووپە چەکدارەکانی حەشد بە نزیکەی 50 کوژراو کۆتایی هات، بەڵام پێشهاتە سیاسییەکانی پاش ئەو گرژییە ئەمنییە، دەریدەخەن کە ئەوەی روویدا زیاتر لە گەڕێکی پێکدادان دەچێت کە هەر دوو لایەنی قەیرانەکەی بە ئاراستەی قووڵبوونەوەی زیاتری ناکۆکییەکاندا بردووە تا ئەوەی پەندی لێ وەربگرن و بەرەو چارەسەر هەنگاو بنێن.

پێکدادانی خوێناوی کۆتایی ئاب لە ناوچەی سەوزی بەغدا لەنێوان سەدرییەکان و هەندێک لە گرووپە چەکدارەکانی حەشد بە نزیکەی 50 کوژراو کۆتایی هات، بەڵام پێشهاتە سیاسییەکانی پاش ئەو گرژییە ئەمنییە، دەریدەخەن کە ئەوەی روویدا زیاتر لە گەڕێکی پێکدادان دەچێت کە هەر دوو لایەنی قەیرانەکەی بە ئاراستەی قووڵبوونەوەی زیاتری ناکۆکییەکاندا بردووە تا ئەوەی پەندی لێ وەربگرن و بەرەو چارەسەر هەنگاو بنێن.

وەستانی پێکدادانەکانی ناوچەی سەوز (29_30 ئابی 2022)، لەسەر بنەمای هیچ رێککەوتنێکی سیاسی و تەنانەت لێکگەیشتنی ئەمنی و سەربازیش نەبوو کە قۆناخی پاش ئەو شەڕە خوێناوییە ئاراستە بکات، ئەمەش کت و مت لە سەرەتای هەڵگیرساندنی دەچێت کە لە پڕ و بەهۆی پەرەسەندنی رەوتی ناڕەزایی و مانگرتنی سەدرییەکان و پاشان بڕیاری لەناکاوی وازهێنانی سەدر لە سیاسەت وەک یەکەم کاردانەوەی خێرا بۆ بڕیاری مامۆستاکەی لە بارەی وازهێنانی لە کاری مەرجەعیەت و رێبەرایەتی کردنی ئایینی.

لەو کاتەی خۆپیشاندەرانی سەدر چوونە سەر کۆشکە هەستیارەکانی ناوچەی سەوز و نزیک بوونەوە لە ماڵ و بارەگا سەرەکییەکانی مالیکی و خەزعەلی، پاسەوان و چەکدارەکان بەتوندی لێیان هاتنە دەست، ئەوانیش هەم بۆ پاراستنی خۆیان و هەم بۆ پێشڕەوی زیاتر، چەک و چۆڵی خۆیان هێنا و بەم هۆیەشەوە شەڕێکی دەستە و یەخە داگیرسا، بەڵام تەق و تۆقی شەوی درێژی پێکدادانەکان زۆر لایەنی هێنایە سەر هێڵ، چونکە لە لایەک مەترسی لەسەر باڵیۆزخانە و بنکە و بارەگا بیانییەکان دروست بوو، لە لایەکی دیکە پێکهاتەی شیعە لە ئەگەری خزان بۆ شەڕێکی گشتگیری درێژخایەن نزیک بوویەوە، ئەمەش بۆ عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەکان و جەمسەرە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە دۆسیەی عێراقی قابیلی بێدەنگی لێکردن نییە، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا سەدر تێگەیشت کە ژمارەی قوربانییەکانی رەوتەکەی بەردەوام لە هەڵکشاندایە و تەرازووی هێز لارە سەنگە و شەڕەکە نا بەرامبەرە.

بە پێچەوانەی شەقامەوە، لە بەرەنگاربوونەوەی چەکداریدا تای تەرازوو بەلای سەدردا ناشکێتەوە، چونکە راستە رەوتەکەی خاوەن "سرایا السلام" و جەنگاوەرە دێرینەکانی "جیش المهدی" یە، بەڵام توانای ئەمانە ناگەنە توانای ئەو کۆمەڵە گرووپە چەکدارەی کە لەژێر چەتر و ناوی حەشدی شەعبیدا هەرچی چەکی کوشندە و پێگەی ستراتیژی ناو بەغدا هەیە بەدەستیانەوەیە. لە پێکدادانەکانیشدا دامەزراوەی حەشدی شەعبی سەلماندیان ئەوان پارێزەری "سیستەمی سیاسی 2003" و بەرژەوەندییەکانی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی"ن، لە کاتێکدا نزیکەی هەشت ساڵ بەر لە ئەوە، هەموو هەوڵەکانیان بۆ یەکلاییکردنەوەی وێنەی دامەزراوەکەیان بوو وەک قەوارەیەکی ئەمنی نیشتمانی کە "سەر بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقە".

ئاگربەستی ئێستا لەژێر سێ کارتێکەردایە کە یەکەمیان هێزەکانی گوشارن (سیستانی لە نەجەف و تاران لە دوورەوە)، دووەمیشیان مەیدانە سەربازییە لارە سەنگەکەیە، سێیەمیش هاتنە پێشەوەی زیارەتی "چلەی ئیمام حسێن" ە کە بۆنەیەکی گرنگ و جومگەیی و رۆحی شیعەکانە لە سەرانسەری دنیا. هەر کاتیش دوولەمپەرەکەی دوایی گۆڕانی بەسەردا بێت لە چەند رۆژی داهاتوودا، ئەوە هەموو کات ئەگەری "پێکدادانی سنووردار" و بەریەککەوتنی سنووردار کراوەیە، وەک ئەوەی چەند کاتژێرێک پاش کشانەوەی سەدرییەکان لە بەغدا لە نێوان چەکدارەکانی سەدر و عەسائیبدا لە دەوروبەری کۆشکە سەرۆکایەتییەکانی شاری بەسرە روویدا.

لەم چەند ساڵەی دواییدا هیچ کات وەک ئێستا سەدرییەکان هەستیان بە دڵشکان نەکردووە، چونکە جگە لەوەی بەتەنیا رووبەڕوون لەگەڵ هەموو هێزە کاریگەر و خاوەن دەسەڵاتەکانی شیعەدا، پێیانوایە لەلایەن ئێرانیشەوە بە ناچارکردنی ئایەتوڵڵا حائیری بە وازهێنان تووشی پیلانگێڕییەکی ئایینی و مەزهەبی بوون و رێبەرەکەیان گەمارۆ دراوە، لەووی زیان و لێکەوتەی پێکدادانەکانیشەوە ژمارەی قوربانی سەدرییەکان چەند قاتی ئەوانەی رکابەرەکانیانە، بەر لەوەش دەستیان لە پەرلەمان بڕا و بە خێرایی کورسییەکانیان پڕکرایەوە. ئەمانەش بەسن بۆ گرژترکردنی بارودۆخەکە و هەوێنی رق و زەمینەی چەند گەڕێکی تری تۆڵەسەندنەوەن. لە بەرامبەریشدا ئەگەرچی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە سەدریان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا قەتیس کردووە، کەچی ئەوانیش هێشتا هەر کاریان لەبەر ناڕوات و نە حکومەت بەدەست ئەوانە، نە پەرلەمانیش کارایە تا زۆرینە نوێیەکەیان پاش کشانەوەی سەدر، بەکەڵک و سوود بگەڕێتەوە بۆیان و پەلەیانە بۆ ئەوەی هەندێک لە ئامانجەکانیان بهێننە دی.

تا "زیارەتی چلە" کۆتایی دێت پاش دوو هەفتەی دیکە، دۆخی گرژی شیعەکان بە ئەگەری زۆر هەر بە شەڕی سارد دەمێنێتەوە، بەڵام لەپاش ئەوە تۆنی گوتاری رکابەرەکانی سەدر و بەیاننامەکانی ئەم دواییەیان ئاماژە بە گەڕێکی نوێی بەریەککەوتن دەکەن، چونکە ئەو کاتەی دەست بۆ پێکهێنانی حکومەتی دڵخوازی خۆیان دەبەن. جارێکی دیکە برینی کشانەوەی سەدرییەکان لە پەرلەمان و مانەوەیان بە دەستی بەتاڵ لە پرۆسە سیاسییەکەدا دەست بە ئازار و کولانەوە دەکات و ،ئەو کاتیش چاری دیکەیان نابێت جگە لە گەڕانەوە بۆ شەقام و پەلاماردانی بەرژەوەندییەکانی رکابەرەکانیان.

چارەسەری گونجاو بۆ ئەم بارگرژییەی دوایی لە دانایی هەوڵی رازیکردنی سەدردایە، ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و هێشتنەوەی مستەفا کازمی یان دروستکردنی حکومەتێکی تەمەن 12_18 مانگ کە ئەرکی تێپەڕاندنی بودجە و ئامادەکاریی هەڵبژاردنی

نوێ بێت دەکرێت، بەبێ ئەوەی پەرلەمان گۆڕانکاریی گەورە لە یاسای هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنەکەیدا بکات، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوەیە ئێستا رکابەرانی سەدر لە چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە، خۆیان بە براوە دەزانن و بە کەڵکوەرگرتن لە پێشهاتەکانی ئەم دواییە، دەیانەوێت زیاتر گۆشەگیری بکەن، ئەمەش بە واتای کار و کاردانەوەی زیاتر دێت، ئەگەر پێشهاتێکی خێرا و چاوەڕواننەکراو ئەم ئاراستەیە بەرەو لانیکەمی لێکگەیشتن و سازانێک نەبات کە ماوەیەکی دیکە ناکۆکییەکان دوا بخات.